www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 20:18 27-2-2007

## چەپکێک بەڵگەی مێژوویی بۆ کمالی سید قادر... سوره مەرگەیی

کمالی سەید قادر دوو وەرزی هەیە، وەرزی بەخشین و وەرزی ڕاپەڕین، ماوەیەکیش لەنێوان ئەو دوو وەرزەدا هەڵبەزو دابەزی کرد، هەرچەندە وەرزی بەخشین دەرفەتی گۆڕانی بۆ ڕەخساند بەڵام بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆ مخابەراتیەی لەسەر بوو نەیتوانی کەڵك لەو دەرفەتە وەربگریو بەیەکجاری بەخواستە مخابەراتیەکان ئاوس کراو بۆ هەتا هەتایە دەبی بەو دوگیانیەوە بناڵێنیو ژانی مخابەراتی بێنێتە خۆی.

پارساڵ دوای ئەوەی ژانی مخابەراتی داگیر کەرانی کوردستان گوتی و پڕی دایە بارزانی نەمرو مێژووی جوڵانەوەی ئازادیخوازی کورد، پشت ئەستور بەو بەڵێنە مخابەراتیەی کەپێی درابوو، گوایە زەمینەی ڕاپەڕینیان بۆ سازکردووە ماوەتەوە کمالی سید قادر بەکەژاوەی مخابەراتی بگاتەوە کوردستان و ڕابەرایەتی ئەو ڕاپەڕینە مخابەراتیە بگرێتە ئەستۆ، هەر لەنەمساوە کات و ساتی گەڕانەوەی نیشان داو بێمنەتی خۆی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

هەر لەگەڵ گەیشتنی بەبڕیاری دادگا دەستگیر کرا، وەك پیشەی هەر جاسوسێکی تر کەلەتەنگانەدا بۆ ڕاکێشانی سۆزو بەزەیی گەورە پیاوان خۆیان نابوتو زەلیل دەکەن، کەوتە پاڕانەوەو بەپێی ئەو مەشقە مخابەراتیەی کردبوی خۆی لەبەر چەقۆی بەخشیندا ڕاخست و لەتەنازول نامەیەکدا دانی بەوە دانا کەکەوتۆتە داوی مخابەراتیو داوای لەجەنابی سەرۆکی هەرێم کرد بەبەخشینێك لەو داوە مخابەراتیەی دەرباز بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کەدادگا بڕیاری خۆی وەرگرت بەڵام کاك نێچیرڤان بارزانی دەرفەتی بۆ ڕەخساندو دوای ئەوەی تۆفان و ڕەهێڵەی وەرزی مخابەراتی لەسەر ڕەواندەوە، لەژێر چەتری ئارامی وەرزی بەخشیندا بەئاسودەیی بەرەو هەندەران سەری هەڵگرتەوە، بەڵام کەڵکی لەوەرزی بەخشین وەرنەگرت و جارێکی تر کەوتەوە خەڵوەتخانەی مخابەراتی داگیرکەرانی کوردستان و

لەڕۆژی 2/2/16..7 لەسایتی کوردستان پۆست لەژێر تەوژمی بەنجی مخابەراتی جەستەی سڕکراو جیهانێکی تایبەت بەخواستی مخابەرات و خەڵەفاوی خۆی داهێناو ناوی لێنا وەرزی ڕاپەڕین.

لەون وسینەیدا ڕوو لەجەماوەری کوردستان دەکاو دەڵێ:

(هیچ کاتێك لەئێستا گونجاوتر نیە بۆ داهێنانی گۆڕانکاری لەهەرێمی کوردستان) بەڵگەشی بۆ سەردەمی داهێنان و گۆڕنکاری، نەمانی بەعس و دەستە وەستانی تورکیاو گیرۆدەبونی ئێران بەدەردی خۆیو پەلەقاژەی سوریا بۆ مانەوەیو بونی ئەمەریکا لەناوچەکە.

پێش هەموو شتێك بەکمالی سید قادر دەڵێم: داهێنان و گۆڕان دەبی بە خەبات و قوربانیدان بکری، وەك ئەوەی بارزانی نەمر لەمەسیرەکەی سۆڤیەتی بەبڕوا بەخۆبون و پشت ئەستور بەو هێزەی لەپشتیەتی کردی، ئەگەر بارزانی نەمر چاوەڕوانی هێزە دەرەکیەکان بوایە داهێنان و گۆڕانکاری بۆ بکەن ئەوا داهێنانی مەرگیان بۆ دەکردو ئێستا مێژووی کورد شاکارێکی وەك داستانی مەسیرەی سۆڤیەتی تێدا نەدەبوو، کاك کمالی سید قادر ئەوە داهێنان و گۆڕانکاریە! نەك وەك ئەوەی تۆ دەخوازی دەستی دوژمنانمان بۆ ببەستن، تواناى پەلاماردانیان نەمێنی، بەجۆرێك شەکەت و ماندوبن لەجوڵە کەوتبن، ئەمەریکاش دەستمان بگریو بڵێ: کاکی کورد دەی تۆش داهێنان و گۆڕانکاری بکە. ئەو داهێنان و گۆڕانکاریەی تۆ دەیڵێی بەفەرهەنگ و کلتوری کورد نامۆیەو لەکوێت وەرگرتوە بەئامانەت بۆیان بەرەوە.

کمالی سید قادر هەموو فاکتەرە خۆرسك و سروشتیەکانی ڕاپەڕینی فەرامۆش کردووەو دەڵێ: بەعس لەعێراق ڕوخاوە، ئێرانیش بەدەردی پشتیوانی لەتیرۆر ڕێگای لی تەنراوە، سوریاش داوی بۆنراوەتەوە، یاسا نێودەوڵەتیەکانیش تورکیایان لەلانکەی دەستە وەستانیدا خەواندوە ئەمەریکاش کەڵگای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەموانەوە لەترسانی کەس ناوێری بەکورد بڵێ پشتی چاوت برۆیە. دەبێ کمالی سید قادر ئەوڕاستیەبزانی ئەوانە فاکتەری خولّقاندنی وەرزی ڕاپەڕین نین، کاکی دکتۆر بەوە خۆشحاڵە کەئێران ناتوانی پەلاماری باشوری کوردستان بدات، بەلاّم چەوسانەوەی زیاتر لە پازدە ملیۆن کورد دەماری پیاوەتی گرژ ناکات، شایی لەدڵ دەگەڕی کەتورکیا لەتەلبەندی یاسا نێو دەوڵەتیەکان ئاخنراوە، ئەی ئەگەر بەرژەوەندیە نێو دەوڵەتیەکان ئەو تەلبەنیەیان شکاند، تۆ خۆت بەخەڵوەتخانەی کام مخابەراتی داگیر کەرانی کوردستاندا دەکەی؟ چارەنوسی زیاتر لە بیست ملیۆن کوردی ژێردەستی تورکان بە کێی دەسپێری؟ بزەی مخابەراتی دەیگری و دەڵێ: مانەوەی ڕژێمی سوریا پەیوەندی بەکاتەوە هەیە، وەك ئەوەی ڕوخانی ڕژێمی سوریا لە دەستی کمالی سید قادر بێ و لە بەر هەندی هۆکاری فەنی ڕایگرتبێ.

کاك کمالی سید قادر ئەگەر تۆ قاوە دەگریەوەو چارەنوسی داگیر کەرانی کوردستان لەفنجانە سیاسیەکەتەوە ئەوەندە زەلیل و نابوت دیارن جاری لەو بەهەشتە گەری کەدەتەوی لەباشوری کوردستان دروستی کەی، باکوردی ئەو سی پارچەی تری کوردستان بزەیەکی ئازادی بیان گریو وەرزی ڕاپەڕین بۆئەوان سازکە، دوای ئەوە لەباشوری کوردستان ئەگەر داهێنان و گۆڕانیش بکەی هەمومان لەگەڵتین و دەست خۆشیت لی دەکەین.

کمالی سید قادر لەمەنفاوە ئاهەنگی ڕاپەڕین گەرم دانێنیو دەسەلاّتی کوردی پی دەروخێنی، هەر ڕاپەرینێك سات بەسات و هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیدا نەبی لەخواستە نەتەوایەتیەکان دوور دەکەوێتەوەو بەلای خواستەمخابەراتیەکاندا دەشکێتەوە، تۆش کەلەهەندەرانەوە ئاهەنگی ڕاپەڕین دەگێڕی، تەنها مخابەراتی داگیر کەرانی کوردستان سەرچۆپیت بۆدەگرن و هەڵت دەپەڕێنن، لەکۆتای وەرزی ڕاپەرینەکەیدا بانگەواز دەکاو داوای زانیاری دەکات، پێدەچی دادگای مخابەراتی داگیر کەرانی کوردستان تەنگاویان کردبیو زانیاری لەسەر مێژووی جولانەوەی ئازادیخوازی کورد کۆبکەنەوە، منیش وەك کەسێك کەزۆر کاریگەری ئەو بانگەوازەم لەسەرە، ناچارم چەپکێك بەڵگەی مێژوویی بۆ بنێرم، هەرکاتێکیش پێویستی کرد ئامادەم وەك شایدێك لەبەر دەم دادگا مخابەراتیەکەی بە بەڵگەی مێژوویی ڕاستیو دروستی زانیاریەکانم بسەلمێنم.

هەر لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانی بنەماڵەی بارزانی دژی ئەو خەلافەتە ڕاپەڕین و لەو پێناوەشدا شێخ عەبدول سەلامی بارزانی لەسێدارە درا، ئەگەر تورکەکان لەم زانیاریە بەگومان بون، ئەوا پێیان دەڵێم: بۆ سەرکوت کردنی ئەو ڕاپەرینە لەتەمەنی سیساڵیدا لەگرتوخانەی موێل بارزانی نەمرتان بەند نەکرد!

هەر لەگەڵ دەست پی کردنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەباکوری کوردستان، بارزانی نەمر بەهێزێکەوە بۆیارمەتی دانی ئەو شۆڕشە سنوری دەستکردی بریو یەکگرتنەوەی کوردستانی کردە بیرۆکەی کوردایەتی، ئەوە بۆ تورکەکان زانیاریەکی باشەو بەڵگەش لەبەر دەستدایە.

ئەو کاتەش کەشێخ محمودی نەمر لەدەربەندی بازیان لەدژی ئینگلیزو ڕژێمی پاشایەتی دەجەنگا، بارزانی نەمر چەکوچە ئامادەکەی کورد بەرەو بەردە قارەمانی قارەمانان کاروانی پشتیوانی ڕێکخست.

لەساڵی 1931 – 1932 بارزانی نەمر دژی ئینگلیزو ڕژێمی پاشایەتی ڕاپەڕی، ئەوەش لەبەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان نەبوو، پێویستە ئەو زانیاریەش بەعەرەب بگەیەنیو لەسەلماندنیشی ترست نەبی.

لەساڵی 1943 – 1945 جارێکی تر دژی ئینگلیزو ڕژێمی پاشایەتی ڕاپەڕیەوەو گورزی کەمەر شکێنی لی وەشاندن و مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی جوانتر ڕازاندەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەگەڵ دەرکەوتنی تروسکەی ئومێدی کوردان و دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان، بارزانی نەمر ئەو سەرکردە سنور شکێنە تەپو تۆزی ڕێکوتنامەی شەڕی چاڵدێرانی لەسنوری دەستکرد تەکاندو بۆ پاراستن و بەرگری لەو کۆمارە خۆی گەیاندە مهابادی خوێناوی.

ئەم زانیاریە بۆ دادگای مخابەراتی فارسەکان کەم وێنەیەو هەرکاتی داوای بەڵگەشیان لی کردی، دێمە ڕوی دادگاو بەو وتەیەی (ڕەزم ئارا) سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران ڕاستی زانیاریەکەم دەسەلمێنم، کەدەڵی: (لەوەتەی ئەرتەشی شەهەنشاهی هەیە لەگەڵ دوژمنی ئەوەندە بەهێزی وەك بارزانیەکان نەجەنگاوە).

لەدوای تێکچونی کۆمارو وەرگرتنی ئاڵای کوردستان لەپێشەوا قازی، بارزانی نەمر مەسیرەی پاراستنی ئاڵاو نوسینەوەی مێژووی نەمری بەرەو سۆڤیەتی جاران دەستپێکرد، پیرۆزیەکانی کوردایەتی بەتونێڵی شۆڤێنیەتی سی داگیر کەری کوردستاندا دەرباز کردو بەئامانەتەوە لەچۆمی ئاراسی پەڕاندەوە، ئەگەر هات و ئەو زانیاریەشت گەیاندە فارسەکان و باڵانسی شۆڤێنیان تێکچوو داوای وردەکاری زیاتریان کرد، ئەوا بەو بروسکەیەی شای ئێران وەڵامیان دەدەمەوە کەلەکاتی مەسیرەکە ئاراستەی ئەرتەشی ئێرانی کردوە کەدەڵی: (بەتانك و تۆپ و فڕۆکە ڕێگای کۆچ و کۆچباری ماڵە بارزانیەکان بۆردومان بکەنو مەیەڵن بارزانیەکان دەربچن و بالەوە زیاتر ئابڕوی لەشکری ئێران نەچی). بارزانی نەمر لەو مەسیرەدا تۆڵەی ئەو غەدرەی کردەوە کەلەکۆماری کوردستان کرا، ئەگەر چی شای ئێران توانی ژەهری شکست بەگەروی کوردا بکات، بەڵام بارزانی نەمریش ژەهری ئابڕوو چونی بەگەروی شاو ئەڕتەشەکەیدا کرد، چونکە شای ئێران ئابڕوی خۆیو ئەڕتەشەکەی بەستبۆوە بەدەرچون و دەرنەچونی بارزانی نەمر.

لەگەرمەی پاراستنی کۆماری کوردستاندا بارزانی نەمر هەوڵیئەدا لەپارچەکانی تری کوردستانیشدا چالاکیو جموجۆڵی سیاسی هەبی، بۆ نمونە لەو کاتەدا لەباشوری کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند، ئەوەش بازدانێکی نمونەیی بوو لەکاری ڕێکخراوەیی لەکوردستان، هەموو سیما ناوچەگەریەکانی شکاندن و گیانێکی نەتەوەیی بەکاری سیاسیو ڕێکخراوەیی بەخشی، هەرئەوەش بوو وای کرد پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان بکات و دەیان سەروەری نەتەوەیی لەمێژوودا تۆمار بکات.

دوای گەڕانەوەی بارزانی نەمر لەسۆڤیەت، لەسالی 1961 گەورەترین شۆڕشی لەمێژووی جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا بەرپا کرد، کەبەیەکەمین شۆڕشی نەتەوایەتی دادەنریو هەمووڕێچکە ناوچەگەریەکانی تێك هاڕین و کەم مەوداییو بەرچاو لێڵی لەسەر سەرهەڵدانەکانی کورد لابردن.

بارزانی نەمر پیلانە نێو دەوڵتیو هەرێمیەکانی بەچۆکدا هێناون، ئەوەتا پیلانی تێکدانی کۆماری کوردستان، مەسیرەکەی سۆڤیەتی لێکەوتەوە، پیلانی جەزائیریش لەساڵی 1975 بە سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی گوڵان لەساڵی 1976 وڵام درایەوە.

بارزانی نەمر بەئەندازەی ڕقی مخابەراتی داگیر کەران لای نەتەوەکەی خۆشەویست و پیرۆز بوە، هەر ئەوەش هونەری بەردەوامیو سەرکەوتنەکانی بوە.

ئەوە چەپکێك بەڵگەی مێژووی بون، بۆکمالی سید قادرو هاوشێوەکانی بۆئەوەی مێژوو پیرۆزیەکانی کوردی پی بدەنە دادگای مخابەراتی داگیر کەرانی کوردستان.

لەم جیهانە پان و بەرینەدا هیچ بنەماڵەیەك وەك بنەماڵەی بارزانی خۆی بۆ قوربانی دان و خۆ بەخشین لەپێناو ئازادیو سەربەخۆی وڵات و نەتەوەکەی تەرخان نەکردوە، هیچ بنەماڵەیەك بەرگەی سەدەیەك بەگژداچونەوەی داگیر کەرانی نەگرتوە، ئەوەتا بنەماڵە بارزانی نەمر لەسەدەشیان تێ پەڕاند، هێشتاش سورن لەسەر بەدیهێنان و پاراستنی ئەو بەڵێنەی بەنەتەوەیەکەیان داوە، لەو پێناوەشدا باجی شایستەیان پێشکەش کردوە، بەڕیز مام جلال گوتەنی گوندی بارزان سیو شەش جار

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەپێناو کوردایەتیو بەدەستی داگیر کەرانی کوردستان سوتێنراوەو روخێنراوە، سیو پێنج کەس لەبنەماڵەکەیان شەهیدی ڕێبازی کوردایەتین، بارزانی نەمر لەژیانیدا دووجار بەدەستی داگیر کەرانی کوردستان بریندار کراوە، ئەوانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کەبنەماڵەی بارزانی نەمر سەرکردەی خۆپارێز نەبون، بەڵکو لەقوربانیدان و خوێن بەخشینیشدا هەر ڕابەرو لەپێشەوە بوون.
لەدونیادا سەرکردەی دیارو مەزن زۆربون، کەوەك تاك لەپێناو نەتەوەکەیان سەریان ناوەتەوەو بونە سیمبولی سەرهەڵدان، بەڵام بنەماڵەی بارزانی نەمر وەك بنەماڵە بەر لەبارزانی نەمریش هەر لەسەنگەری بەرخوداندا بون، تابارزانی نەمر بەپیرۆزیەکانی مێژوگەیشتو بو بەپیاوی مێژوو، بۆیە ئەگەر مێژووی ژمارە پێوانەیەکان غەدر لەبارزانیو بنەماڵەکەی نەکات، ئەوا ناویان دەچێتە ناو کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان.
کاك کەمالی سید قادر ئەوانەش هەر بەڵگەی مێژووین و لەدادگا مخابەرایەتیەکە بەکەڵکت دێن، بۆ سەلماندنیشیان من بەبەڵگەمێژویەکانەوە لەدادگا ئامادە دەبم و لەوەش مەترسە کەخەجاڵەتی دادگا دەبیو مخابەرات بەسەرچاوەیەکی درۆزن ناوت دەبات.
هەر ئەو زانیاریانەش بون وای لەهەر چوار داگیر کەری کوردستان کرد بۆکپ کردنەوەی ئەو سەرهەڵدانە بنەماڵەییە هەمو شێوازەکانی کوشت و بڕ، زەبرو زەنگ، بەتیرۆرو تۆقاندنیشەوە بگرنە بەر، کەئەو دادگا مخابەرایەتیەی تۆ زانیاری بۆ کۆدەکەیەوە یەکێکە لەو هەوڵانە.
بنەماڵەیەك ئەوە خەبات و قوربانیدانیان بوبی، هەمو کاتێك لەمەرگ نزیك بون، لەگەڵ ئەو چەپکە بەڵگە مێژویانەی بۆ جەنابتیان دەنێرم تا بنەماڵەی بارزانی پی بدەیە دادگای مخابەرایەتی داگیر کەران، بەپێویستی دەزانم چەپکێك هەوڵی تیرۆریشت بۆ بنێرم، تا بزانی مخابەراتی داگیر کەرانی کوردستان چەند لەو بنەماڵیە بەرقن، هەر ئەو ڕقەشە وای کردوە کەسانی وەك تۆ لەدژیان پەروەردە بکەن و وەك پاداشتیش فەرموی سەر سفرەی جاسوسیت بکەن.
لەساڵی 1943 کاتێك چیاکان بی بارزانی بون، پەردەی بی شۆڕشیان بەسەر هەڵکشابوو، کاتێك بارزانی نەمر هەستی بەوە کرد شۆڕش و چیا بی ئەو لەیەکتری لوتەلان، بەیارمەتی حیزبی هیواو بنەماڵەی شێخانی حەفید لەسلێمانی بەرەو بارزان کەوتەوە ری، هەر ئەو کاتە هەر یەك لە ڕژێمەکانی عێراق و ئێران بری پەنجا هەزار دیناری ئەوکاتەیان کردە پاداشت بۆ هەرکەسێك بارزانی نەمر بەزیندویی یان مردویی بداتە دەستیان، ئای! ئەو کاتە کەمالی سید قادر لەژیاندا بوایە چۆن دەستی لەقوڵفەی ئەو دوو مخابەراتە وەر دێنا؟ دەبی چ بەرکێکی گەورەی بۆو پارە زۆرە هەڵدروبا؟.
دوای ئەوەی بارزانی نەمر ژهراوی قبوڵ کردنی کوردی بەگەروی ڕژێمی بەعسدا کردو هێنایە سەر مێزی کورد قبوڵ کردن، بەڵام مخابەرات هەر خەریکی پیلان گێڕان بوو، تا لەساڵی 1972 لەکردەیەکی خۆکوژیدا هەوڵی لەناوبردنی ئەو سەرکردە مەزنەی دا بەڵام لەوەشدا ئامانجیان نەپێکاو شکستیان خوارد.
هەر لەگەرمەی ئەو ئاشتیەدا لەرێگای هاو پیشەیەکی وەك جەنابت ویستیان لەرێگای تەقاندنەوەی جانتایەکی دیبلۆماسی بارزانی نەمر تیرۆر بکەن بەڵام ئەو هاوپیشەیەت بەر لەئەنجام دانی کارەکەی بەنجی مخابەرات بەری داو پیلانەکەشی ئاشکرا کرد.
داگیر کەرانی کوردستان لەشەڕو ئاشتیدا بەعەقڵی تیرۆر کوردیان دواندوە، بەجۆرێکیش لەبنەماڵەی بارزانی بەداخ بون بۆ لەناو بردنی ئەندامێکی ئەوبنەماڵیەش پێشێلی هەموو بەها مرۆڤایەتیەکانیان کردوە، ئەوەتا لەساڵی 1974 لەدوا سەردانی وەفدی کوردی بەسەرۆکایەتی کاك ئیدریس بارزانی بۆ بەغداو سەرخستنی هەوڵە ئاشتیەکان، ڕژێمی بەعسی ڕوخاو هەوڵی تیرۆر کردنی ئەو سەرکردە ئاشتی خوازیەی دا، لەکاتێکدا هەڵگری پەیامی ئاشتی بوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:18 27-2-2007

تیرۆر دیوێکی بیر کردنەوەی داگیر کەرانی کوردستان بوە بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی نەمر، لەساڵی 1979 لەکاتێکدا سەرۆك بارزانی لەنەمسا دەبێت مخابەراتی ڕژێمی بەعس لەپیلانێکی نەخشەڕێژدا جارێکی تر دەیەوی ڕق و کینەی مخابەراتیانەی بەسەر بنەماڵەی بارزانیدا بڕێژێ و کاك مسعود بارزانی تیرۆر بکات.

ئەوەش چەپکێك هەوڵی تیرۆری بون بۆ دەست وەشاندن لەبنەماڵەی بارزانی کەلەلایەن مخابەراتی داگیر کەرانەوە بەڕێوە چون، کەبێگومان هەموو ئەو هەوڵانەش دەربڕینی ڕق و کینەی پەنگ خواردوی داکیرکەرانی کوردستانە دژی مێژوی سیاسی و کورد پەروەری ئەو بنەماڵەیە.

بنەماڵەی بارزانی هەروەك خەبات و قوربانی دانیان پشتاوپشت بۆ یەکتری بەجی هێشتوە، ئەوهاش پشتاوپشت ئامانجی داگیرکەرانی کوردستان بوون بۆ لە ناو بردن، سەردەمانێك شەڕی تیرۆر لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی کراوە کە تیرۆر هیچ پێگەیەکی نەبووە، نەك ئێستا کە تیرۆر جەمسەرێکی نێودەوڵەتیەو ئەو جەمسەرەش قورسایی کردە تیرۆریەکانی خستۆتە ناو غێراق، کوردیش بەڕابەرایەتی بنەماڵەی بارزانی لە بەرەی شەڕی دژەتیرۆرن، کە چی کەسانێکی بی ئاگا لەمێژووی خەبات و بەرخودانی ئەو بنەماڵەیە کەوتونەتە دوای تەپ و تۆزە مخابەراتیەکەی کمالی سید قادر و گلەیی لە کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەن و دەیانەوی بە تاکسیەك هاتوو چۆ بکات و وەك کەسێکی ئاسایی و بی پاسەوان بیکەنە نێچیری داوی کردە تیرۆریەکانی مخابەرات.

کاك نێچیرڤان هەروەك خزمەتی کەل و وڵاتەکەی لەباب و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە بەپێی یاسای بۆ ماوەییش دوژمنان ئەو ڕقەی لە باب و باپیری ئەویان کۆکردۆتەوە دەکری بەسەر ئەویدا بڕێژن.

سەرکردەیەك باوك وباپیر و مامی چەندین جار کەوتبنە بەر پەلاماری تیرۆری داگیرکەرانی کوردستان، ئێیستا ئەو سەرکردەیە بی پاسەوان بێت و بچێت لە کاتێکدا هەڵگری ڕێبازو تایبەت مەندیەکانی بارزانی نەمریش بی، ئایە نابێتە خۆراکی باندە ترۆرو مخابەراتیەکان.

ئەوانەی پێیان وایە کوردستان بۆتە وڵاتی پەپوولەکان و چزوی ژەنگەسورەکان قرتاوەو توانای پێوەدانیان نەماوە، لەژێرکاریگەری بانگەوازە مخابەراتیەکاندان و دەیانەوێ کاك نێچیرڤان غافڵگیر بکەن و لە ڕشانەوەیەکی تیرۆریستیدا یەکی شوباتێکی تر دووبارە بکەنەوە. ئەگەرنا بنەماڵەیەك لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە ئامانجی تیرۆ رستان بوبی، لەعێڕاقی ئەمڕۆشدا کەکوردستان سەنگەرێکی بەهێزی بەگژداچونەوەی باندە تیرۆریەکانەو هەمو داگیرکەرانی کوردستانیش بەچاوی سەدەی ڕابردو دەڕواننە هەنگاوە پڕ هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانیو پلانی ئاوەدان کردنەوەو نەخشەی دابین کردنی ئاسایشی هاو وڵاتیان کەدوو ئامانجی سەرەکی کاك نێچیرڤانن، چۆن دەکری خۆی لەکردە تیرۆریەکان و پیلانی مخابەراتی داگیر کەرانی کوردستان نەپارێزی.

بۆیە دەبی هەمومان ئەو ڕاستیە بزانین ئەم وەرزە، وەرزی یەکخستنی هەڵوێستی نەتەوایەتیە کەسەرۆك بارزانی ڕابەرایەتی دەکات، وەرزی ئاوەدان کردنەوەیە، وەرزی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییو نیشتیمانیەکانە، وەرزی ڕوناکیە، باشەمشەمە کوێرەکانی وەك کمالی سید قادرو هاوشێوەکانی بچنەوە تاریکستانی مخابەراتی داگیر کەرانی کوردستان و لەچاوەڕوانی هاتنی وەرزی مخابەراتیدا وێژینگ بدەن و سەرخەوی مخابەراتیانە بشکێنن..

نوسینی
سورە مەرگەیی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.